# بەسەر هێڵی سەڵت و هەستە دەروونییەکانەوە

## بە بۆنەی کرانەوەی پێشانگای هاوبەشی هونەرمەند عەلی دەروێش و ئەحمەد حەسەن سەفار

**وریا بوداغی**
**(کوردستانی ئێران)**

کاتێک کە بەرهەمێکی هونەری دێتە وێناکردن، جیا لەو ڕەگەزانەی کە بەکاربراون و سەرنجڕاکێشن، بابەتی بەرهەمیش بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو بەرهەمەیە. لە هەر حاڵدا بابەت، داوێنگیری زۆرینەی ئیشە هونەرییەکان دەبێ و تەنانەت ئەگەر بەرهەمێک بەرەو سەڵت بوونیش چووبێت، بابەت ڕۆڵی ئەکتیڤ بوونی خۆی بە ڕەنگ و تۆنە ڕەنگییەکان دەگێڕێ و هەستە تایبەتییەکانی وێنا دەکات.

هونەرمەند عەلی دەروێش و ئەحمەد حەسەن سەفار لە پێشانگایەکی هاوبەشدا کە ماوەیەک لەمەوبەر لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەڕێوە چوو، بە کۆمەڵێک تابلۆ، بەتایبەت بەم شێوازەی عەلی دەروێش کاری پێکردبوو، واقیعە نالەبار و دڵتەزێنەکانیان وێنا کرد و لەسەر ئەم واقیعە دەردناکە کە پێوەندی بە شاری کەرکووکەوە بوو، بەرهەمگەلێکی بەپێزیان نیشان دا، هەرچەندە بەرهەمی هەر کام لەم دوو هونەرمەندە، لە ڕووی تەکنیک و بەکارهێنان و شێواز و کەرەسە جیاوازبوون.

هونەرمەند عەلی دەروێش کە وەک کاریکاتێریست ناسراوە و لەم بوارەشدا بەرهەمەکانی لەسەر واقیعی ڕۆژانە و بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەدوێ و وێناکردنێکی ڕەخنەگرانەیە و هەر بەم بەرهەمانە قورساییەکی باشی خستۆتە سەر هونەری کاریکاتێری کوردی و شوێن پەنجەی داناوە، ئەم جارەیان بە ڕەنگ، لە هەوڵی وێناکردنی بابەتەکانی دابوو و ئەم وێناکردنەی ئەم جارەشی، پێوەندی هەبوو بە ژیانی مرۆڤ-ی کورد لە شاری کەرکووک و ئەم دۆخە نالەبارەی کە ساڵانێک تێیدا ژیاوە و بەشێوازێکی ئیکسپێرسیۆنیزم بابەتی ئەم جارەی کەرکووکی وێنا کرد.

دیارە عەلی دەروێش هەر لە سەرەتاوە بابەتی بۆ تابلۆکان هەڵبژاردبوو و جۆری هەڵبژاردنەکەشی پێوەندی بە جۆری هەڵبژاردنی کەرەسەوە هەبوو و مەبەستە سەرەکییەکانی عەلی دەروێش بەهەر جۆرێک و تا هەر ڕادەیەک بێت، وێناکردنی ڕاستییەکانی شاری کەرکووکە و لە ئاکامدا بەپێی ئیش و بەرهەمەکانی، کەرکووک بەرەو ئاوەدانی دەچێتەوە.

هونەرمەند لەو بەشە لە تابلۆکانیدا کە بەشێوازێکی ئێکسپێرسیۆنیزم کاری کردبوو، لە جێی قوماش، لە کارتۆن (کاغەزی ڕەق) کەڵکی وەرگرتبوو و لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا لە کەرەسەی جۆراوجۆر بۆ دەرخستنی بابەت کەڵکی وەرگرتبوو و بەهارمۆنییەکی باش ئیشەکان بەڕێوە چووبوون، ئەم بەرهەمانە کە باس لە ڕەنج و مەینەتەکانی مرۆڤی کورد لە شاری کەرکووک دەکا، بە کەرەسەگەلێکی وەک: ڕۆترینگ و پاستێل و هەروەها لە



تابلۆی هونەرمەند «ئەحمەد حەسەن سەفار»

ڕەنگی تریش کەڵکی وەرگرتبوو. هێڵ لە زۆرینەی تابلۆکاندا بە چەشنێکی توند و زبر و تووڕە بەکار هاتبوو و بەپێی هەستی ناخۆشی دەروونی هونەرمەند زەبری تایبەت لێدرابوو.

مرۆڤی بەرهەمەکانی عەلی دەروێش، مرۆڤێکی حەساوە نییە و مرۆڤێک نییە کە لە ئارامییەکی تەواودا بژی. ترس سەراپای جەستە و لەشی مرۆڤی داگرتووە و پۆرترێتەکانی نیشاندەری ئەوپەڕی بێچارەیی و ئاوارەیی ئەم مرۆڤانەیە و هەر کات عەلی دەروێش جەخت لەسەر ئەم لایەنانە دەکاتەوە تابلۆکانی بەرەو یەک ڕەنگ دەچن و بە ڕەش و سپی دەگەن. لەنێوان ڕەشایی و سپیایی ئەم تابلۆیانەدا تۆنالیستەیەکی کەم هەیە و لە زۆر شوێندا نییە.

کونتراستی نێوان ڕەش و سپی لەوپەڕی خۆیدایە و هەر کات لەم جۆرە تابلۆیانەدا بابەت و ڕەنگ بەم جۆرە دەرکەوتن، دیارە هونەرمەند هەوڵی داوە، بەتایبەت لەم کونتراستە قورسەدا ئەوپەڕی هەستی خۆی بەسەر بابەتدا زاڵ بکا و دایسەپێنێ و ئەمەش بە مەرجێکە کە بۆ بەردەنگی بەرهەمەکەشی هەر ئەم هەستە دەرکەوێ و پێوەندی لەگەڵدا بگرێ. لە لایەکی تریشەوە فۆرمی مرۆڤەکان، لە فۆرمی ئاسایی و سروشتی خۆیان دەردەچن و لادەدەن.

عەلی دەروێش بەگشتی ئەم واقیعانە وێنا دەکا و زۆرینەی وێناکردنەکان بەرەو سەڵت بوونەوە دەچن و بەجۆری دەربڕینی ئەم بابەتە، هەستی هونەرمەند بەرامبەر ئەم ڕاستییانە و قەزاوەتی لەسەر ئەم واقیع-ە وێنا دەکرێ.

بەشێکی تری ئەم پێشانگایە. تابلۆکانی ئەحمەد حەسەن سەفاری لە خۆ گرتبوو. زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە، بەرهەمگەلێکی سەڵت بوون و بەڕەنگی ڕۆن لەسەر قوماش کار کرابوو، بەرهەمگەلێک کە بەگشتی دوور بوون لە شێوە و فۆرمی وێناکراو کە پابەندبێ بە کۆمەڵێک وێنەی سروشتی. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە گشتی، فەزای پێکهاتووی بەرهەم، لە زۆرینیاندا، فەزایەکی سەڵتە و تەنیا شتێک کە ئەحمەد حەسەن سەفار پشتی پێدەبەستێ ڕەنگە، هەرچەندە جۆری دەربڕین لە بەرهەمدا، لە یەکەم حاڵەت و بینیندا، بەگشتی پانتاییەکی سەڵت و بێ بابەتە، بەڵام بە هێندێک تێڕامان و وردبوونەوە لە تابلۆکان، شتگەلێک دەردەکەوێ، بۆ نموونە: دەکرێت ئاماژە بە دەستە کلیلێک بکرێت کە ڕاستەوخۆ لەسەر تابلۆیەکدا تێکەڵ بە ڕەنگ بووە.

دیارە لێرەدا باس لە کەرەسەیەک دەکا و وێنای دەکا کە بۆ گشت بینەرێک ناسیاوە و مەبەستداریشە، دەستە



تابلۆی هونەرمەند «عەلی دەروێش»



**تابلۆی هونەرمەند «عەلی دەروێش»**

کلیلێک کە نوقمی ڕەنگی سەر تابلۆ بووە. بۆ قفڵێک بەکارهاتبوو کە وێنا نەکرابوو، ڕەنگە هونەرمەند باوەڕی بە کرانەوەی بازنە دوگم و داخراوەکان بێت. ڕەنگە هەر لە ئەنجامی ئەم دوگم و داخراو بوونەی مرۆڤی دەوروبەردا بێت کە بەرهەمەکانی بە سەڵت دەگەن.

سەڵتخوازی لە بەرهەمەکانی هونەرمەنددا، وێناکردنی ژیانێکی بێڕەنگ و وێنەیە و لە باوەڕی ئەودا ڕەنگە لە ئەنجامی بینینی کۆمەڵێک ڕەگەز و مرۆڤ، بیرکردنەوەی سەڵت یان ژیان و ژینگەیەکی سەڵتەوە بێت و هەر لەوێوە سەری هەڵدابێ.

ئەحمەد حەسەن سەفار لە کاتێکدا سەڵت بەڕێوە دەبات کە ئەو ژیانی لێی دەدوێ بە تەواوی سەڵت بۆتەوە و ڕەگەزە بەهێز و پێکهێنەرەکانی نەتەوەیی (زمان، خاک، سایکۆلۆژی، کولتوور و تەنانەت ناوی نەتەوەش) کەمڕەنگ دەبن و گشت شتە سروشتی و واقیعەکان دادەوەرێن.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە وێناکردنە سەڵتەی کە هونەرمەند پشتی پێبەستووە جگە لە تێڕامانێک بۆ شتە ڕاستەقینەکانی دەوروبەر، ڕەنگە تێڕامان بۆ هیچ شتێکی تر نەبێت، یان باشترە بڵێم کە لە ئەنجامی ئەم تێڕامانە بۆ دەوروبەر بەرهەم هاتووە. هەرچەندە لەگەڵ گشت ئەم بەکارهێنان و تێڕامانەیدا هونەرمەند بە باشی باس لەم واقیعە دەکا و پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە چەند بەرهەمێکی ئەحمەد حەسەن سەفار لەم پێشانگایەدا هەڵگری فەزایەکی ئێکسپێرسیۆنیزم بوون و تەنانەت لە چەند تابلۆیەکدا تێکەڵێک لەم دوو شێوازە دروست ببوو (ئێکسپێرسیۆنیزمی سەڵت) و بەتایبەت لەم جۆرەیاندا ئیتر هێڵ خێراییەکی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و لە ڕووی ڕەنگیشەوە تۆخ بوونەوە و گرژبوونی پێوە دیارە، لە لایەکی ترەوە و لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا ڕەنگەکان تۆخ نین و هێڵیش بەم جۆرە خێرایی تێدا نییە. دیارە ئەمەش پێوەندی بە زەمەنی لەناوچوونی ڕەنگەوە هەیە لە ژیانی دەوروبەری هونەرمەنددا. هەرچەند بەگشتی ڕەنگەکان، تایبەتمەندیی خۆیان بەیەکجاری لە دەست نەداوە و کەمتر بەرەو لەناوچوون و خۆڵەمێشی دەچن، بەڵکو هەر لەسەر بنەمای خۆیان (سارد و گەرم، ڕەنگە تەواو کارەکان، کاڵ و تۆخ بوون) و... تاد، ماونەتەوە.

هونەرمەند کەمتر کاری لەسەر ئەم جۆرە لە سەڵتکاری کردووە کە تەنیا پێوەندی بە هەستەوە بێت، بەڵکو ئەو بە تێڕوانینێکی واقعیانە بۆ دەوروبەری خۆی، لەگەڵ جۆری مەنتقی بوونی بەرهەمەکەشدا هەڵدەکا و لە ئەنجامدا دەکرێ ئەم بەرهەمانە بەسەر دوو جۆردا دابەش کرێن.
یەکەم: لەم حاڵەتەدا «بابەت»ی بەرهەمەکە زۆرتر پێوەندی بە ئێلێمێنت و ڕەگەزەکانی سروشتەوە هەیە.
دووهەم: لە بەکارهێنانی فڵچە و کەرەسەکانی تر کە زیاتر بۆ نواندن و وێناکردن بەکاردەهێنرێت، هونەرمەند هان دەدا بۆ زیاتر واقیعی بوونەوەی دەوروبەری خۆی و تێڕامانی بۆ ئەم واقیعانە، هەروەها لە حاڵەتی یەکەمدا: بەم تێڕامانە واقیعیانە بۆ دەوروبەر، هەوڵ دراوە کەمتر گرنگی بە هەست بدرێت و بەتایبەت ئەو جۆرە هەستەی کە لۆژیک و مەنتیق دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی و لە جۆری دووهەمدا، دیسان کە دەربڕینەکان ڕەها و ڕزگارکراون، لە بایەخی بابەت و قورسایی و ڕێک و پێکی و هارمۆنی کەم نەبۆتەوە و پڕ بایەخیشی کردووە، بۆیە دەکرێت ئەمە ئەنجامێکی باش بێت بۆ ئەم بەرهەمە و دیارە ئەنجامەکەشی لە ڕووی داڕشتنێکی سەرکەوتووانەوە بە دەست هێناوە کە ئەحمەد حەسەن سەفاری بەڕێوەی بردووە.